https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.11

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# میتافۆڕی چەمکیی عەشق وەک گەشت و ڕێگا لە شیعرەکانی (صافی)دا

پ. د. سیروان جەبار امین

زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی ئادا

Sirwan.amin@soran.edu.iq

ڕێناس خالص نادر

زانکۆی سۆران - فاکەڵتیی ئاداب

Renas.nader@soran.edu.iq

**پوختە:**

"عەشق" چەمکێکی باو و زۆر بەکارهاتووە لە نێو دیوانی صافیدا، شاعیر کە خاوەن بونیادێکی هزریی عیرفانییە وەک عارفێک لە هەوڵی ئەوەدایە ئەم چەمکەمان لە چوارچێوەی بونیادی هزری عیرفانیدا پێ بناسێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم چەمکە چەمکێکی ئەبستراکتە و بوونێکی فیزیکی نییە و نابەرهەستە شاعیر نەیتوانیوە تەنها بە خودی چەمکی عەشق، عەشق بە ئێمە بناسێنێت، بۆیە شاعیر هەوڵیداوە لە ڕێگای چەمکانێکی تری بەرهەستن بیناسێنێت، واتە لە ڕێگای مێتافۆڕی چەمکییەوە هاتووە ئەم چەمکەی بە ئێمە ناساندووە، هەریەک لە چەمکەکانی "**گەشت**" و "**ڕێگا**" یەکیکن لەو چەمکانەی کە شاعیر وەک بواری سەرچاوە بەکاریهێناون بۆ ناساندنی چەمکی عەشق، ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە تیۆری مێتافۆڕی چەمکی ( Conceptual metaphor)، کە تیۆرێکی نوێیە لە ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن "جۆرج لاکوف" و "مارتن جانسۆن" خراوەتەڕوو، دیدێکی نوێی لە بارەی مێتافۆڕ هێنایە ئاراوە بەوەی کە جەوهەری مێتافۆڕی چەمکی بریتییە لە ناساندنی چەمکی ئامانج لە ڕێگای چەمکی سەرچاوە، هەوڵدەدات کار لەسەر هەردوو مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق گەشتە**" و "**عەشق ڕێگایە**" لە شیعرەکانی صافیدا بکات و بە نموونەی شیعری بیانخاتەڕوو، بۆ هەریەک لەو مێتافۆڕە چەمکییانەش نەخشەکێشان لە نێوان بواری ئامانج و بواری سەرچاوە بکات و لەم ڕێگایەشەوە تێگەشتنێکی زیاتر بۆ شیعرەکانی صافی بخاتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** مێتافۆڕی چەمکی، عەشق، گەشت، ڕێگا، شیعرەکانی صافی، نەخشەکیشان.

## میتافۆڕی چەمکیی عەشق وەک گەشت و ڕێگا لە شیعرەکانی (صافی)دا

### پێشەکی

### هۆی هەڵبژاردنی بابەت و گرنگیی توێژینەوە

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە توێژینەوەکانی بواری میتافۆڕ لە نێو ئەدەبی کوردیدا زیاتر لە چوارچێوەی میتافۆڕی دێرین ماونەتەوە، سەرەڕای بوونی تیۆری میتافۆڕی چەمکی، کە ڕێگا و شێوازێکی نوێ و سەردەمیانەتر دەگرێتەبەر بۆ قوڵبوونەوە و زیاتر تێگەیشتن لە دەقە ئەدەبییەکان. ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنێکی قوڵتر لە ئەدەبیات دروستدەکات ئەمەش لە ڕێگای قوڵبوونەوە بۆ ئاستی ژێرەوەی چەمکەکان و خستنەڕووی ئامانجی بەکارهێنانی میتافۆڕەکان و پەیوەندیی نێوان چەمکی ئامانج و چەمکی سەرچاوە، بەمەش بواری لێکدانەوەی واتایی دەقی ئەدەبی بۆ لێکۆلەر فراوانتر و جدیتر دەکات.

### گریمانەی توێژینەوە

بە خوێندنەوەی میتافۆڕی چەمکی بۆ میتافۆڕە چەمکییەکانی "**عەشق گەشتە**" و "**عەشق ڕێگایە**" لە شیعرەکانی صافیدا، واتایەکی قوڵتر و جدیتر بۆ چەمکەی "**عەشق**" بەدەستەوە دەدەین، کە لە کۆتاییدا دەبێتە دەرگایەک بۆ قوڵتر خوێندنەوەی کۆی شیعرەکانی صافی و لە کۆتاییشدا کۆی سیستەمی فکری شاعیر.

### پرسیاری توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە

ئایا خوێندنەوەی مێتافۆڕی چەمکی بۆ هەردوو مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق گەشتە**" و "**عەشق ڕێگایە**" لە شیعرەکانی صافیدا، دەکرێت تێگەشتنێکی جیاواز و قوڵتر بەدەستەوەبدات بۆ چەمکی "عەشق" لای شاعیر و دواجار بۆ کۆی شیعرەکانی صافی؟

ئایا نەخشەکێشانی نێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانج لە مێتافۆڕە چەمکییەکانی "**عەشق گەشتە**" و "**عەشق ڕێگایە**" چۆن و بەچ شێوەیەکە؟

ئایا بونیادی هزریی شاعیر، کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی ئەم مێتافۆرە چەمکییانە لە شیعرەکانیدا هەیە؟

**ئامانجی توێژینەوە**

بە پشتبەستن بە تیۆری مێتافۆڕی چەمکی و لە ڕێگای ئەم مێتافۆڕە چەمکیانەوە واتایەکی قوڵتر و جدیتر بۆ چەمکی "عەشق" لە شیعرەکانی صافیدا بەدەستەوە بدەین، هەروەها نەخشەکیشانی نێوان بوارەکان بۆ ئەم مێتافۆڕە چەمکییانە بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی هۆکاری بەکارهێنای ئەم دوو چەمکە واتە چەمکەکانی سەرچاوە لەگەڵ چەمکی ئامانج دیاربکەین.

**میتۆدی توێژینەوە**

میتۆدی توێژینەوەکە (وەسفی – شیکاری)یە.

**سنووری توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیە تەنها غەزەلە کوردییەکانی صافی بە نموونە وەرگیراون، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ڕێژەی غەزەلەکانی شاعیر زۆرن و زۆرترین دەرکەوتەی چەمکی عەشق لە غەزەلەکانیەتی.

## ١- میتافۆڕی چەمکی (Conceptual Metaphor)

### ١-١- چەمک و ناساندن

جۆرج لاکۆف و مارتن جانسۆن لە ساڵی ١٩٨٠ کتێبێکیان لە ژێر ناونیشانی "**ئەو میتافۆڕانەی لەگەڵیان دەژین**" بڵاوکردەوە، ئەم توێژەرانە بە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە تیۆریکی نوێیان خستەڕوو، کە تیۆری میتافۆڕی چەمکی(CMT) بوو، لەم تیۆرە نوێیە تێڕوانین و تێگەشتن و ڕێرەوێکی زانینی[١] نوێیان سەبارەت بە میتافۆڕ هێنایە ئاراوە، کە لە ئەنجامدا تێڕوانین و کارەکانی دێرینیان لە بارەی میتافۆڕ خستە ژێر پسیار و گومانەوە (داوەری اردکانی و همکاران، ١٣٩٣: ٣٢)، بەم کارەشیان ئاڕاستەی توێژینەوەی بواری میتافۆڕیان گۆڕی و توێژەرانیان بە میتافۆڕی چەمکییەوە سەرقاڵکرد.

لاکۆف و جانسۆن لە تیۆری میتافۆڕی چەمکیدا ئەوەیان ڕاگەیاند، کە میتافۆڕ تایبەتمەندییەکی ستایلی زمانی یان دیاردەیەکی زمانەوانی نییە کە لە جێگۆڕکێیەک، یان بە مەبەستی داهێنانێکی ئەدەبی دروستببێت، بەڵکو میتافۆڕ لە دەرەوەی کرداری ڕەوانبێژییەوە ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، چونکە سیستەمی چەمکی و ئاوەزی ئێمە کە تیایدا بیر دەکەینەوە و ڕەفتار دەکەین بە شێوەیەکی بنچینەیی لە سروشتدا میتافۆڕییە، کە لە سەر بنەمای پرۆسەیەکی مەعریفی و ئەزموونکردنی ڕۆژانە لە مێشکدا دەچەسپێت و لە بیر و زمان ڕەنگدەداتەوە (Lakoff and Johnson, 1980: 3)، کەوایە چەمکەکان گرنگییەکی زۆریان هەیە، چونکە کۆنتڕۆڵی بیرکردنەوەکان و ئەرکی ڕۆژانەی ئێمەیان بەدەستەوەیە، لەبەر ئەوەی کە سیستەمی چەمکی مرۆڤ لە سەر بنەمای میتافۆڕ چەسپاوە، بەمەش هەم زمان میتافۆڕییە و هەم بیریش.

بەمەش ئەمە ڕەتدەکەنەوە کە مێتافۆڕ تایبەت بکرێت بە شاعیران و ئەدیبان و کەسانێکی دیاریکراو و ئامانج لە مێتافۆڕ داهێنان و لایەنی ڕەوانبێژی بێت، بەڵکو مێتافۆڕ بە پێویستییەکی زمانی دەزان (Lakoff and Johnson, 1980: 52)، بۆیە لاکۆف و جانسۆن بە بەردەوامی جەختییان لە سەر ئەمە دەکردەوە، کە مێتافۆڕە چەمکییەکان بە شێوەی سروشتێکی نائاگایانە دروستدەبن و دەردەکەون (حسن زادۀ و حمیدفر، ١٣٩٩: ٨).

لاکۆف و جانسۆن پێیان وایە، "کە مێتافۆڕ بناغەی چەمکی و زانینی هەیە کار لە سەر دوو چەمک دەکات، نەوەک دوو وشە"( Kövecses, 2010: 4)، واتە لە مێتافۆڕی چەمکیدا پەیوەندی لە نێوان دوو چەمکدایە، پەیوەندیی نێوان چەمکەکانیش هەموویان لە مێشکدا یەک قالبیان هەیە، کە بریتییە لە ئامانج سەرچاوەیە (A، B یە)، بەڵام دەشێت چەمکەکان و پەیوەندیی نێوانیان دەیان دەرکەوتەیان هەبێت، ئەوەی لە مێشکدایە مێتافۆڕە چەمکییەکەیە و ئەوەی لە جیهانی دەرەوەدایە و دەردەبڕدرێت مێتافۆڕە زمانییەکەیە (صفوی، ١٣٩٦: ١٠٧).

مێتافۆڕی چەمکی لە سەر دوو بواری چەمکی دروستدەبێت، یەکێکیان بواری چەمکی ئامانجە(target domain)، کە زیاتر ئەو چەمکانە دەگرێتەوە کە ئەبستراکتن، واتە نابەرهەستن کەمتر بۆ ئێمە ئاشنان تێگەشتن لێیان و ناسینیان ئاسان نییە، ئەوەی تریان بواری چەمکی سەرچاوەیە (source domain)، کە ئەمەشیان زیاتر ئەو چەمکانە دەگرێتەوە، کە بەرهەستن و بوونێکی فیزیکییان هەیە و بەمەش تێگەشتن لێیان و ناسینیان ئاسانترە و بۆ ئێمە ئاشنان( Dirven and Verspoor, 2004: 35)، لاکۆف و جانسۆن پێیان وایە، کە جەوهەری مێتافۆڕ بریتییە لە تێگەیشتن و ناسین و ئەزموونکردنی جۆرێک لە چەمکەکان لە ڕێگای چەمکانێکی ترەوە، چونکە لە تێڕوانین و تێگەشتنی

ئەواندا، ناتوانرێت چەمکی ئامانج بناسین تەنها لە ڕێگای چەمکی سەرچاوە نەبێت واتە لە ڕێگای بەرهەستێکەوە نابەرهەستێک دەنسێنرێت(Cruse, 2006: 31)، کەواتە بە دەربڕینێکی سادەتر، مێتافۆڕی چەمکی بریتییە لە تێگەشتن لە چەمکی ئامانج لە ڕێگای چەمکی سەرچاوەوە، بۆ نموونە:

دونیای ڕوونی بەجێهێشت.

گیانی پاکی بۆ دواجار ماڵئاوای لێکردین.

بەرەو دوا مەنزل بەڕێکەوت.

کۆچی دوایی کرد.

ئەگەر سەیرێکی ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین، دەبینین هەموویان لە بارەی مردنەوەن، سەرجەمیان یەک مێتافۆڕی چەمکی حوکمیان دەکات ئەویش بریتییە لە "**مردن گەشتە**"، لێرەدا چەمکی "**گەشت**" بریتییە لە بواری سەرچاوە(source domain) و چەمکی **"مردن"** بریتییە لە بواری ئامانج(target domain)، مەبەست لە بوونی ئەم مێتافۆڕە چەمکییە ئەزموونکردن و تێگەشتنە لە بواری ئامانج کە چەمکی مردنە و بوونێکی ئەبستراکتی هەیە، لە ڕێگای بواری سەرچاوە کە چەمکی گەشتە و بوونێکی فیزیکی هەیە. لەم نموونانەی سەرەوەدا دەبینین دەستەواژەکانی "**بەجێهێشتن**" و "**ماڵئاویکردن**" و "**بەڕێکەوتن**" و "**کۆچکردن**" سەرجەمیان لە بنەڕەتدا لە کۆنستێکستی گەشتدا بەکاردەهێنرێن، ئەو کەسەی دەمرێت وەک ئەوەوایە گەشت بکات، هەروەک چۆن لە گەشتدا کەسێک لە شوێنێکەوە دەچێتە شوێنێکی تر بە هەمان شێوە لە مردندا کەسێک لە شوێنێکەوە دەچێتە شوێنێکی تر یان شوێنێک بە جێدێڵێت بەرەو شوێنێکی تر.

لاكۆف و جانسۆن ئەوەشیان خستەڕوو کە لە مێتافۆڕی چەمکیدا، مەرج نییە هەموو کات مێتافۆڕ لە سەر بنەمای لێکچوون و هاوشێوەی دروستببێت، بەڵکو کۆمەڵێک هاوچەشنی سیستەماتیک هەیە لە نێوان چەمکی سەچاوە و چەمکی ئامانج، بەو مانایەی کە توخمە پێکهێنەرەکانی چەمکی سەرچاوە لەگەڵ توخمە پێکهێنەرەکانی چەمکی ئامانج دەگونجێت، لە ڕووی تەکنیکیەوە، ئەم پەیوەندی و گونجانەش بە نەخشەکێشان[٢] (Mappings) ناودەبرێن(Kövecses, 2010: 8–10)، واتە هەردوو بواری چەمکییەکان واتە بواری چەمکی ئامانج و بواری چەمکی سەرچاوە، لە خۆیانەوە و بەبێ هیچ سیستەمێک ناتوانن بخرێنە پاڵ یەکتری و مێتافۆڕ دروستببێت، بەڵکو ئاوەزی مرۆڤ بە شێوەیەکی سیستەماتیکی لە سەر بنەمای هاوبەشی پێکهاتەی نێوان هەردوو بواری چەمکییەکە بە نائاگایی مێتافۆڕەکان دروستدەکات.

### ١-٢- پێناسەی مێتافۆڕی چەمکی

توێژەران و زانایان چەندین پێناسەیان بۆ مێتافۆڕی چەمکی کردووە، لە یەکێک لە پێناسەکاندا لاکۆف و جانسۆن بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن، "مێتافۆڕ بریتییە لە تێگەیشتن و ئەزموونکردنی جۆرێک لە شتەکان لە ڕووی شتێکی ترەوە"( Lakoff and Johnson, 1980: 5)، هەروەها کۆڤێچش بەم شێوەیە پێناسی دەکات، "لە تێڕوانینی زمانەوانی زانینی، مێتافۆڕ بریتییە لە درککردن بە بوارێکی چەمکی لە ڕێگای پێکهاتەی بوارێکی تری چەمکیدا، لە واقعدا مێتافۆڕی چەمکی لە سەر دوو باواری چەمکی دروستدەبێت، کە تێیدا بوارێک لە ڕێگای پێکهاتەی بوارێکی تر دەناسێندریت"(Kövecses, 2010: 4 )، هەروەها بەشێک لە توێژەران بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن، مێتافۆڕ چەمکی بریتییە " لە لێکدانی دوو بواری چەمکی؛ یەکەمیان بواری چەمکی سەرچاوەیە(source domain)، کە چەمکێکی ئەزموونی و بە زۆری

واقعێکی ڕوونە، بەسەر بواری دووەمدا، کە بواری ئامانجە( target domain) و بە زۆری ئەبستراکتە"(باپیر، ٢٠٢٠: ٣٦).

کەواتە دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی مێتافۆڕی چەمکی بکەین، بریتییە لە چوونە پاڵیەکی دوو بواری چەمکی جیاواز، کە یەکێکیان بواری چەمکی ئامانجە و ئەوەی تریان بواری چەمکی سەرچاوەیە، بە ئامانجی ناسین و تێگەشتن لە بواری ئامانج لە ڕێگای پێکهاتەی بواری سەرچاوەوە.

## ١-٣- تایبەتمەندی و جیاوازیی نێوان مێتافۆڕی دێرین و مێتافۆڕی چەمکی

لاکۆف و جانسۆن لە تیۆری مێتافۆڕی چەمکیدا بە توندی ڕووبەڕووی ئەو تێڕوانین و تێگەشتن و بنەما و تایبەتمەندییانە مێتافۆڕ بوونەوە، کە لە چوارچێوەی مێتافۆڕی دێرین خرابوونەڕوو، ئەمەش دوای ئەوەی تێگەشتنەکی نوێیان بۆ مێتافۆڕ هێنائاراوە، بنەما و تایبەتمەندیی مێتافۆڕی چەمکییان بە شێوەیەکی جیاواز لە مێتافۆڕی دێرین خستەڕوو.

کۆڤێچێش بۆ ئەوەی باشتر جیاوازی مێتافۆڕی دێرین و مێتافۆڕی چەمکی، بخاتەڕوو بۆ هەریەکەیان پێنج خاڵی وەک تایبەتمەندی دیاریکردووە، کە دواجار دەبنەوە بنەمای جیاوازی نێوانیان، ئێمە لێرەدا هەم وەک تایبەتمەندییەکانی هەریەکەیان و هەم وەک جیاوازیی نێوانیان پشتیان پێدەبەستین.

کۆڤێچێش پێیوایە کە مێتافۆڕ لە چوارچێوەی قوتابخانەی دێریندا، پێنج تایبەتمەندیی گرنگی هەیە(Kövecses, 2010: 4-5)، کە ئەمانەن:

مێتافۆڕ تایبەتە بە وشە و دیاردەیەکی زمانییە.

مێتافۆڕ بە مەبەستی داهێنانی هونەری و ڕەوانبێژی و ڕازاندنەوەی زمان بەکاردەهێنرێت.

مێتافۆڕ لە سەر بنەمای لێکچواندن و بەراوردکردن و ناساندنی دوو شت دامەزراوە، واتە بۆ ئەوەی وشەک بە وشەیەکی تر بەراوردبکەی دەبێت هەندێک خەسلەت و تایبەتمەندیی هاوبەش لە نێوان وشەکاندا هەبێت، بۆ نموونە بۆ ئەوەی مێتافۆڕی شێر بۆ فلان کەس بەکاربێنیت، دەبێت سیفەتی هاوبەش لە نێوان کەسەکە و شێرەکەدا هابێت، وەک ئازایەتی، هێز ...هتد.

لە تێڕوانینی دێریندا مێتافۆڕ بە شێوەیەکی ئاگایانە دروستدەبێت، بۆیە پێیانوابوو مێتافۆڕ تایبەتە بە کەسانی بە ئەزموون و داهێنەر، کە خاوەن بەهرەیەکی تایبەتن.

مێتافۆڕ شێوازێکی ئاخاوتنە بەکارهێنانی تەنها بە مەبەستی جوانکاری و دروستکردنی کاریگەرییە، نەوەک پێویستیەکی زمانی، دەکرێت لە ژیانی ڕۆژانە بەکارنەهێنرێت.

ئەوەی خستمانەڕوو تایبەتماندی و ئاڕاستەی مێتافۆڕی دێرین بوون. لە بەرانبەردا لاکۆف و جانسۆن لە تیۆری مێتافۆڕی چەمکیدا بە توندی ڕووبەڕووی تێڕوانینەکانی دێرین بوونەوە، پێداگریان لە سەر چەند خاڵێک کرد، کە تەواو جیاواز بوون لە مێتافۆڕی دێریندا، کۆڤێچش بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی لاکۆف و جانسۆن تایبەتمەندی و بنەما سەرەکییەکانی مێتافۆڕی چەمکی لە چەند خاڵێک کورت کردوونەتەوە(Kövecses, 2010: 8)، کە ئەمانەن:

مێتافۆڕ خەسلەت و تایبەتمەندیی چەمکەکانە نەک هی وشەکان.

ئامانج لە مێتافۆڕ باشتر تێگەشتنە لە هەندێک چەمکی دیاریکراو نەک ئامانج لە مێتافۆڕ تانها داهێنان و دروستکردنی کاریگەری ئستاتیکی و ڕەوانبێژی بێت.

مەرج نییە هەموو کات مێتافۆڕ لە سەر بنەمای هاوشێوەیی و لێکچواندن دابمەزرێت.

مێتافۆڕ بە تەنها لە لایەن کەسانی شارەزاو خاوەن تایبەتمەندی و داهێنەرانە بەکارناهێنرێت، بەڵکو پەیوەستە بە پێویستییەکی زمانی و خاڵکی ئاسایش لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریدەهێن.

ڕاستە مێتافۆڕ لە ڕووی ئیستاتیکی و زمانەوانییەوە چێژبەخشە و جوانکارییەکی بەرچاوە بە زمان دەبەخشیت، بەڵام لە سەرووی ئەمانەش پرۆسەیەکی حەتمی و دانەبڕاوی فکری و بیرکردنەوەی لۆجیکیانەی مرۆڤە، چونکە سیستەمی چەمکی مرۆڤ لە سەر بنەمای مێتافۆڕ چەسپاوە.

### ١-٤- بواری سەرچاوە و بواری ئامانج

تیۆری مێتافۆڕی چەمکی لە سەر دوو بواری چەمکی جیاواز پێکهاتووە کە ئەوانیش بریتین لە بواری سەرچاوە(source domain) و بواری ئامانج(target domain)، ئەو بوارە چەمکییانەی کە دەربڕینە مێتافۆڕییەکان لێی دەکێشین بۆ تێگەیشتن لە بوارێکی تری چەمکی پێی دەوترێت بواری سەرچاوە، لە کاتێکدا ئەو بوارە چەمکییەی کە لە ڕێگای بواری سەرچاوە دەناسێنرێت و ئاشنادەکرێت پێیدەوترێت بواری ئامانج(Lakoff and Johnson, 1980: 59)، کەواتە ئامانج لە مێتافۆڕی چەمکی و چوونە پاڵیەکی ئەم دوو چەمکە ئەوەیە، کە لە ڕێگای چەمکی سەرچاوە لە چەمکی ئامانج تێبگەین، ئەمەش لە سەر بنەمای


ئەوەی کە مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی لە چەمکە ئەبستراکتەکان تێبگات و بە وردی و ڕوونی ئاشنایانبێت تەنها لە ڕێگای چەمکە فیزیکییەکانەوە نەبێت.

مرۆڤ هەر لە سەرەتاکانی بوونەوە بەردەوام هەوڵدەدات بۆ ناسین و تێگەشتن و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر شتەکانی نێو دونیای دەوروبەر خۆی، هەر شتێک لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەر هەستەکانی دەکەوێت لە سەر بنەمای پڕۆسەیەکی مەعریفی و ئەزموونکردن لە مێشکدا دەچەسپێت، ئەم کارەش لە ژیانی مرۆڤایەتی بەردەوامە، چونکە مرۆڤ بەردەوام هەوڵدەدات زانیارییەکانی زیادبکات و شتەکانی دەوروبەری ئەزموونبکات، ئەم ئەزموونکردنەش بە شێوەیەکی سیستەماتیکی لە بیر و زمان ڕەنگدەداتەوە و ئەو سیستەمە چەمکییە ئەزموونکراوە دەکاتەوە بنەمای ئەزموون کردنی چەمکە نائاشناکان(هاشمی، ١٣٨٩: ١٣١-١٣٢).

چەمکە فیزیکییەکان ئەزموون کراون لای مرۆڤ، مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێت پۆلینیانبکات و بڕ و چەندییەتییەکەی دیارییبکات، تەنانەت بیانکاتەوە بنەمایی ئەزموونکردنی چەمکانێکی تری نافیزیکی و لە سەر بنەمای چەمکە فیزیکییەکان چەمکە نافیزیکییەکان بیانناسێت و لەم ڕێگایەوە پۆلینیانبکات و بڕ و چەندییەتیەکەشیان دیارییبکات(هەمان سەرچاوە: ١٢٥)، ئەم کردارەش لە خۆیەوە دروستنابێت بەڵکو لە سەر بنەمای پەیوەندیی پێکهاتەی نێوان چەمکی ئامانج و چەمکی سەرچاوە دروستدەبێت، کە نەخشەکێشانە.


گشتاندنێکی گرنگ کە لەم مێتافۆڕە چەمکییانە دەردەکەوێت ئەوەیە، کە لە پێکهاتەی مێتافۆڕەکان بە شێوەیەکی ئاسایی و سروشتی ئەو چەمکانەی کە ئەبستراکتن واتە بوونێکی فیزیکییان نییە و نابەرهەستن زیاتر چەمکی ئامانجن و ئەو چەمکانەشی کە بوونێکی فیزیکییان هەیە و بەرهەستن زیاتر چەمکی سەرچاوەن(Kövecses, 2010: 7). ئەم

تێڕوانینە بە ئاڕاستەی یەکەمی پێکهاتەی مێتافۆڕە چەمکی دادەنێین، وەک ئەم هێلکارییەی خوارەوە:




هێلکاری ژمارە (١) ئاڕاستەی یەکەمی  پێکهاتەی مێتافۆڕی چەمکی لە نێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانجدا

ئەم تێڕوانینەی سەرەوە لە زۆر بەی ئەو سەرچاوانەی کە کاریان لە سەر مێتافۆڕی چەمکی کردووە، ئاماژەپێکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە بەشێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بە تێڕوانینی جیاوازیش کراوە، بەوەی کە هەندێک جار دەکرێت پێکهاتەی مێتافۆڕەکان پێچەوانە بێت، واتە لە ڕێگای چەمکێکی ئەبستراکتر دەکرێت چەمکێکی فیزیکی بناسین(صفوی، ١٣٩٦: ١١٢). بەمەش ئەو تێڕوانینە بە ئاڕاستەی دووەمی پێکهاتەی مێتافۆڕی چەمکی دادەنێین، وەک ئەم هێلکارییەی خوارەوە:




هێلکاری ژمارە (٢) ئاڕاستەی دووەمی پێکهاتەی مێتافۆڕی چەمکی لە نێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانجدا

کۆڤێچێش لە دوتوێی کتێبەکەیدا سەبارەت بە مێتافۆڕی چەمکی دیارترین و باوترین بوارەکانی سەرچاوە و ئامانج دەخاتەڕوو (Kövecses, 2010: 18-28).

### ١-٤-١- باوترین بوارەکانی چەمکی سەرچاوە(source domain)

جەستەی مرۆڤ، تەندروستی و نەخۆشی، گیانداران، ڕووەکەکان، بینا و تەلار، ئامێر و ئامرازەکان، وەرزش و یاریکردن، گەرمی و ساردی، کەش و هەوا، پارە و مامەڵەی ئابووری، خواردن و چێشت لێنان، ڕووناکی و تاریکی، هێز، جووڵە و ئاڕاستە.

### ١-٤-٢- باوترین بوارەکانی چەمکی ئامانج(target domain)

سۆز، ئارەزوو، ڕەوشت، بیر و بیرکردنەوە، ئابوری، کۆمەڵ و نەتەوە، سیاسەت، پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان، پەیوەندیکردن، کات، ژیان و مەرگ، ڕوودا و کردار.

**١-٥- نەخشەکێشان**

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە جۆرج لاکۆف و مارتن جانسۆن لە تیۆری مێتافۆڕی چەمکی خستیانەڕوو و گرنگییان پێدا بابەتی نەخشەکێشانە(Mapping)، لاکۆف و جانسۆن ئەوەیان خستەڕوو بۆ ئەوەی پڕۆسەی مێتافۆڕی چەمکی لە نێوان هەردوو بواری چەمکی بەرجەستە ببێت، مێشکی مرۆڤ هەڵدەستێت بە پەیوەستکردنی پێکهاتەکانی بواری سەرچاوە و بواری ئامانج، ئەو پەیوەستییەی نێوان دوو بوارەکە بە یەکترییەوە، پێیدەوترێت نەخشەکێشان، زاراوەی نەخشەکێشانیشیان لە بیرکارییەوە[٣] وەرگرتووە (Lakoff and Johnson, 2003: 246).

وشەی نەخشەکێشان بەکاردێت بۆ مەبەستی وەسفکردنی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان دوو چەمکدا هەیە، کە پڕۆسەی مێتافۆڕییان بەسەردا هاتووە، مەبەست لەو دوو چەمکەش چەمکی سەرچاوە و چەمکی ئامانجە، بۆ ئەوەی بتوانین لە پەیوەندیی نێوان هەردوو چەمک تێبەگین، پێویستمان بە هاوچەشنی سیستەماتیکی هەیە کە پێویستە لە هەردوو چەمکی سەرچاوە و چەمکی ئامانج هەبێت، چونکە مێشکی مرۆڤ لە سەر بنەمای ئەزموون و سیستەمی چەمکی خۆی هاوچەشنی دروستدەکات لە نێوان توخمە چەمکییەکانی بواری سەرچاوە و توخمە چەمکییەکانی بواری ئامانج، بەو واتایەی کە ئەو پێکهاتانەی کە لە چەمکی سەرچاوە هەن بەشێک بن لە پێکهاتەکانی چەمکی ئامانج (Kövecses, 2010: 7).

کەواتە ئەگەر چی لە تیۆری مێتافۆڕی چەمکیدا پشتراستی ئەوە دەکرێتەوە کە مێتافۆڕەکان بە شێوەی نائاگایی دروستدەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو بوارە چەمکییەکان لە سەر بنەمای سیستەمێک کە لە مێشکی مرۆڤدا هەیە دەچنە پاڵیەکترییەوە و مێتافۆڕ دروستدەبێت، واتە

ئەم دوو بوارە چەمکییە لە دروست بوونی مێتافۆڕدا لە خۆیانەوە و بە بێ هیچ سیستەمێک ناچنە پاڵیەکتری، کەواتە هەموو بوارێکی سەرچاوە لەگەڵ هەموو بوارێکی ئامانج بەکارنایێن، بەڵکو ئاوەزی مرۆڤ بە شێوەیەکی سیستەماتیکی لە سەر بنەمای هاوبەشی و گونجانی پێکهاتەی نێوان هەردوو بواری چەمکییەکە بە نائاگایی مێتافۆڕەکان دروستدەکات(Lakoff and Johnson, 2003: 246)، ئەو پەیوەندیی و هاوبەشی پێکهاتەییەی کە لە نێوان چەمکەکاندا هەیە پێی دەوترێت نەخشەکێشان.

لێرەدا نموونەیەکی نەخشەکێشان لە نێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانج لە مێتافۆڕی چەمکی دەخەینەڕوو:

خودا حەقی منت لێ دەستێنێتەوە.

کردەوەکانمان مایەی لێخۆشبوون نین، خودا بە ڕەحمی خۆی لەگەڵمان بکات.


دۆزەخ شوێنی تاوانبارانە.

خودا حەقی کەس لەسەر کەس ناهێڵێتەوە.

بهەشت پاداشتی بێ تاوانانە.

لای خودای گەورە سکالات لێدەکەم.

ئەم ڕستانەی سەروە هەموویان دەلالەت لە مێتافۆڕی چەمکی "**قیامەت دادگایە**" دەکەن، کە نەخشەکێشان لەم مێتافۆڕە چەمکییە بەم شێوەیەی خوارەوەیە.




هێلکاری ژمارە (٣) نەخشەکێشان لە نێوان بواری ئامانج و بواری سەرچاوەدا، لە مێتافۆڕی چەمکی "**قیامەت دادگایە**"

## ١-٦- سکیمای وێنەی(Image schema)

یەکێک لە تیۆرە بنچینەییەکانی زمانەوانیی زانینی، بریتییە لە تیۆری سکیمای وێنەی(image schema theory)، ئەم تیۆرە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٨ لە لایان مارک جانسۆن لە کتێبی جەستە لە بیردا( body in the mind) خراوەتەڕوو، بۆ یەکەم جار زاراوەی[٤] سکیمای وێنەی بەکارهێناوە، جانسۆن لەم کتێبەیدا مەعریفەت و تێگەیشتنی بە جسم کراوی تاوتوێ کردووە، ئەوەی دەرخستووە کە ئەزموونە بەرجەستەکراوەکان هۆکارن بۆ پەیدابوونی سکیمای وێنەی لە سیستەمی چەمکی مرۆڤدا، بەواتایەکی تر سکیما وێنەییەکان بەرهەمی تێگەیشتنی بە جسم کراوی مرۆڤن(معروف و نژاد،١٣٩٩: ٣٢٧).

سکیما وێنەییەکان پێکهاتەگەلێکی واتادار و بە جسم کراون، بەرهەمی مامەڵە هزرییەکان و جووڵە جەستەییەکان و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدایە. کەواتە دروستبوونی سکیما وێنەییەکان لە ئەنجامی بەریەککەوتنی مرۆڤە لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا و بابەتێکی زاتی نییە (نادری و هاوکارانی، ٢٠٢٠: ٨٢)، چونکە مرۆڤەکان لە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی خۆیاندا بە شێوەیەکی بەردەوام هەندێک هەڵسوکەوت ئەنجامدەدەن، وەکو (ڕۆشتن، هەڵگرتن، ڕاکردن، .....هتد)، ئەم هەڵسوکەوتانەش لە ژیانی هەموو مرۆڤەکاندا هاوبەشە، جا ئێمە یاخود خەڵکی تر ئەنجامی بدەین، دەبێتە هۆی هێنانەدی پرۆسەی لەیەکترگەیشتن لە نێوان هەردوولادا، تێگەشتن و شیکردنەوەی ئەم جۆرە ڕۆتینیانەی ژیانی مرۆڤیش هەروا سادە و ئاسان نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ئاڵۆز لە نێوان زمان، بیر و جیهانی دەرەوەی مرۆڤ دروستدەکات، کە دواجار ئەزموونە جەستەییەکانی لێدەکەوێتەوە، جانسۆن پێیوایە ئەو ئەزمونانە لە شێوەی چەند سکیمایەکی وێنەی لە بیری مرۆڤدا جێگیردەبن، کە هەم دووبارە دەبنەوە هەمیش فراواندەبن، مەبەست لە دووبارەبوونەوە ئەوەیە مرۆڤەکان ڕۆژانە ڕۆتینەکان دووبارە دەکەنەوە، مەبەستیش لە فراوانبوون ئەوەیە، کە ئەم چالاکییانە ڕۆژانە بە چەندین شێوەی لێکچوو فرواندەبن(باپیر، ٢٠٢٠: ٢٤)، کەواتە ئەو چالاکی و کردانەی مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن و دووبارەیان دەکەنەوە لە شێوەی چەند سکیمایەکی وێنەیی لە بیری مرۆڤ تۆماردەکرێت.

جانسۆن لە پێناسەی خۆیدا بۆ سکیمای وێنەیی دەڵێت: جووڵە جەستەییەکان، دەستێوەردان و گۆڕینی شتەکان و مامەڵە هزرییەکانی مرۆڤ لە چەندین مۆدێلی چالاک و دووپاتەوەبوو بەرهەمدێن، کە بێ ئەوان تێگەیشتن لە ئەزموونەکانی مرۆڤ ئەستەم و بگرە مەحاڵ دەبێت. ئەم مۆدێلانە کە پێیان دەڵێین سکیما وێنەییەکان، پێکهاتەیەکی ڕێکخراو و

یەکگرتوویان هەیە، لە چەندین بەش پێکهاتوون کە لەگەڵ یەکتری لە پەیوەندیدان و بوونەتە یەکەیەکی ڕێکخراو. هەرچەندە ئەم پێکهاتانە سەرەتا لە مامەڵە جەستەییەکانەوە دروستدەبن، بەڵام ئەو توانایەیان هەیە لە سکیمایەکەوە ببنە سکیمایەکی تر، کە هەمان مانای مێتافۆڕییان هەیە(Kamppinen, 1993: 157).

جێفری یانگ سکیماکان وەکو بیر و بڕواگەلێکی قووڵ پێناسە دەکات کە لە سەردەمی منداڵیدا بەرانبەر خۆمان و دەوروبەرەکانمان و جیهان لە مێشکماندا دروستبووە (یانگ، ١٣٩٧: ٢٠)، ئەمەش ئەمە دەردەخات کە پێکهاتەی سکیما وێنەییەکان بۆماوەیی نین بەڵکو سەرچاوەی دروستبوونی سکیما وێنەییەکان، ئەزموونی سەردەمی منداڵی مرۆڤە، کە لە دەرئەنجامی بەریەککەوتنی منداڵ لەگەڵ دەوروبەری فیزیکی خۆی، لە بیری تۆمارکراون و چەسپاون.

سەبارەت بە ڕۆڵی سکیما وێنەییەکان لە مێتافۆڕی چەمکیدا، جۆنسۆن پێیوایە کە سکیما وێنەییەکان یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دروستکردنی مێتافۆڕی چەمکیدا، هەروەها دەڵێت سکیما وێنەییەکان گرنگترین دامەزراوەی دروستکردنی مێتافۆڕی زانینین، لە ڕێگای ئەوانەوە دەتوانین ئەزموونە جەستەییەکانمان ببەستینەوە بە بواری زانینییەوە(نادری و ئەوانیدی، ٢٠٢٠: ٨٢)، چونکە ڕوانگەی سەرەکی لە تیۆری سکیما وێنەیی ئەوەیە کە دەڵێت بە هۆی بوونی جەستەیی و چالاکی و جووڵەی ئێمە لە جیهانی دەرەوەدا، لە ڕێگای جەستە و دەوروبەرمانەوە ئەزموونگەلێک بەدەستدەهێنین و ئەم ئەزموونانە لە مەودایەکی فراوانتر یارمەتیمان دەدەن لە بوارە ئەبستراکتەکاندا بیر و ئەندێشەمان ڕێکبخەین، واتە لە تێگەیشتن و بەیان کردنی چەمکە ئەبستراکەکاندا، چەمکێکی بەجسمکراو بەکاردەهێندرێت کە سکیما وێنەییەکانن (ویسی و دریس، ١٣٩٤: ٦).

## ٢- بەشی پراکتیکیی توێژینەوەکە

### ٢-١- مێتافۆڕی چەمکی "عەشق گەشتە"

ئەم مێتافرە چەمکییە یەکێکە لە مێتافۆڕە هەرە باو زۆر بەکارهاتووەکانی نێو شیعرەکانی صافی، شاعیر ئەم مێتافۆڕە چەمکییەی (٤٧) جارە بەکارهێناوە، بەمەش لە کۆی مێتافۆڕە چەمکییەکانی عەشق لای شاعیر لە پلەی دووەم° دایە. لێرەدا چەند دێرە شیعرێک لە شیعرەکانی شاعیر دەخەینەڕوو کە نموونەی ئەم مێتافۆڕە چەمکییەن:

شەوی هیجران خەیاڵی یار دەکا ئەصلا خەوی نایێ

بە یادی رۆژی وەصلی حەز لە بیداری نە کا چبکا

(صافی: ١٤٨)

هیجرو فیراقی دولبەرم داویە لەسینە خەنجەرم

شە کوای بەلایی کێ بەرم ڕوو لە چ لا کەم ؟(الأمان)

(صافی: ١٨٨)

ئەم دێرە شیعرانە گوزارشتن لە مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق گەشت**"، لێرەدا چەمکی "**گەشت**" بریتییە لە بواری سەرچاوە و چەمکی "**عەشق**" بریتییە لە بواری ئامانج، وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| بواری ئامانج | بواری سەرچاوە | مێتافۆری چەمکی |
| --- | --- | --- |
| عەشق | گەشت | عەشق گەشتە |

خشتەی ژمارە (١) بواری سەرچاوە و بواری ئامانجی مێتافۆری چەمکی "**عەشق گەشتە**"

شاعیر ئەم مێتافۆرە چەمکییەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لە ڕێگای چەمکی گەشت چەمکی عەشق بناسێنێت، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو ئەزموونەی کە مرۆڤ بۆ گەشت هەیەتی، چونکە گەشت شتێکی ئەزموونکراوە، لە سیستەمی چەمکی ئاوەزی ئێمەدا هەیە و بە شێوەی سکیمای وێنەی چەسپاوە، ئەم ئەزموونە زۆر جار بەکاردێت بە شێوەی مێتافۆرێکی چەمکی بۆ ناساندنی چەمکانێکی ئەبستراکت یان چەمکانێکی نە ناسراو، کە یەکێک لەو چەمانەی لە ڕێگای چەمکی گەشت دەناسێنرێت و دەخرێتەڕوو چەمکی عەشقە، لە فۆڕمی "**عەشق گەشتە**"دایە، دروستبوونی ئەم مێتافۆرەش وەک لە بەشە تیۆرییەکە باسمان کرد لە خۆوە و بە شێوەی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو لەسەر بنەما و لە ڕێگای ئەو پەیوەندی و هاوبەشی پێکهاتەییەی کە لە سیستەمی چەمکی ئاوەزی مرۆڤ لە نێوان گەشت و عەشقدا هەیە، کە دواتر لە نەخشەکێشانێکدا ئەم پەیوەندی و هاوبەشی پێکهاتەییە دەخەینەڕوو.

مرۆڤ لە ڕەوتی ژیانیدا هەمیشە بەدوای کامل بووندا گەڕاوە، لەم گەڕانەدا بە کردار و ڕەفتارگەلێک گەیشتووە، یەکێک لەو کرادار و ڕەفتارگەلانەی کە پێیگەیشتووە گەشتکردنە، بۆیە گەشت یەکێک بووە لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو. ئەم گەشتە دوو شێوەی هەیە: یەکەمیان گەشتێکی جەستەییە (گەشتێکی زەمینییە)، ئەم گەشتە گشتگیرە

و له چوارچێوەی تێگەشتن و تێڕوانینی باوی خەڵکیدایە کە بۆ گەشت هەیانە، ئەوی تریان گەشتێکی ڕووحییە (گەشتێکی ئیلاهییە) پەیوەستە بە کەسانێک کە خاوەن بونیادێکی هزری عیرفانین (آریان، ١٣٨٨: ١٧٠).

چەمکی "**گەشت**" لە تێگەشتن و ئەزموونی باوی خەڵکیدا واتە گەشتی جەستەیی(زەمینی) بریتییە لەو چالاکییەی کە تاکێک یان کۆمەڵەیەک بە مەبەستی چێژبینین یان بە مەبەستی خوێندن و زانست یان بۆ مەبەستی بازرگانی یان بە هەر مەبەستێکی تر لە شوێنێکی دیاریکراوی جوگرافیدا دەچنە ناوچەیەکی تری جوگرافی دیاریکراو، ئەوانەشی کە گەشت دەکەن پێیان دەگوترێت گەشتیار(عومەر، ٢٠٢٢)، واتە ئەوە گەشتەیە کە مرۆڤ بە جەستە لە دونیادا ئەنجامی دەدات، زیاتر بۆ گەیشتنە بە مەبەستێکی دونیایی دیاریکراودا، بۆیە کاتێک لە دونیای ئاساییدا مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق گەشتە**" بەکاردەهێنرێت مەبست هەمان ئەو گەشتەیە کە لە دونیای ئاسایی ئەنجامدەدرێت، بەوەی کە مەعشوق یان عاشق گەشت دەکات لە شوێنێکی جوگرافی دەچێتە شوێنێکی تری جوگرافی.

چەمکی "**گەشت**" لە چوارچێوەی بونیادی هزری عیرفانیدا، کە گەشتە ڕووحییەکە دەگرێتەوە بریتییە "لەو گەشتەی هاتاهەتاییەی کە عاشق بە ئاڕاستەی حەقیقەت(مەعشوق) ئەنجامیدەدات"(سجادی، ١٣٩٣: ٤٦٦)، لە عیرفاندا مرۆڤ بەردەوام لە جولەدایە بەردەوام لە پڕۆسەی کاملبووندایە، چونکە عاریفان پێیانوایە کە مرۆڤ لە خودا جیابووەتەوە هاتووە بووە بە مرۆڤ ئێستا دەیەوێت بگاتەوە بە خودا، بۆیە ئەو مەودایە نێوان ئەو تا گەیشتنەوە بە خودا یەکسانە بەگەشتێک دەبێت ڕێبوار بیکات بۆ ئەوەی بگاتەوە بە ئەو، بۆیە کۆی ژیان لەلای عیرفاندا یەکسانە بە گەشتێک، کە گەشتی کامل بوونی مرۆڤە لە مرۆڤ بوونی خۆیەوە بگاتەوە بە خودا(ئەمین، ٢٠١١: ١٩٣). بۆیە لە عیرفاندا هەمیشە مرۆڤ وەک ڕێبوارێک فێردەکرێت کە چۆن گەشت بکات بۆ ئەوەی لە سنوورەکانی


ئەم جیهانە زاڵە ڕزگاری بێت، بۆ ئەمەش عارف ئاڕاستە دەکرێت بەوەی کە دەبێت پێش مردن بمرێت ئەم کردارەش بەوە دەکرێک کە دەبێت دەست لە دونیا هەڵبگرێت و خۆپارێزی بکات لە حەزە دونیاییەکان، هەروەها دەبێت دەروون و ڕووحی پاکبکاتاوە لە پیسی بۆ ئەوەی بتوانێت بە خۆشەویستە هەتاهەتاییەکەی بگات (آریان، ١٣٨٨: ١٧٤).

لە عیرفاندا کاتێک کەسێک دەچێتە نێو دونیابینیی عیرفانی پڕۆسەکە بە عەشق تەماشادەکات، ئەم عەشقەش بەهۆی کۆمەڵە هەنگاوێک و کۆمەڵە ڕێگایەکەوەیە کە دەبێت عاشق پێیدا بڕوات تاکو دەگاتە ئەنجامێک کە گەیشتنە بە مەعشووق، بۆیە لە نێو هزری عیرفانیدا کاتێک چەمکی عەشق بەکاردێت ڕاستەوخۆ لە دیوی هۆشەکییەکەی وێنەیەکی گەشت دێتە بەرچاو کە خاڵی دەستپێک و خاڵی کۆتایی هەیە، مەودایەکی دوور لە نێوان ئەم دوو خاڵەدا هەیە، کاتێک ڕێبوار بڕیاریدا دەست بە جولە بکات، دەبێت لە خاڵی یەکەمەوە ببڕێت تاکو دەگاتە خاڵی کۆتایی و ئەنجام، چونکە لە عیرفاندا عەشق بریتییە لە گەیشتن بە مەعشوق کە ئەنجامی باڵایە، بەڵام ئەنجامەکە ئێستا لەبەردەستدا نییە لە شوێنێکی دیکەیە بۆ ئەوەی بگەی بە ئەنجامەکە عاشق ناچارە لە خاڵی یەکەمەوە دەستپێبکات تا دەگاتە خاڵی کۆتایی، کە خاڵێ گەیشتنە. بۆیە کاتێک عاریفێک مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق گەشتە**" بەکاردەهێنێت یان گوێی لێدەبێت بەو مەبستەیەتی یان بەو مەبستە تێدەگات کە عەشق گەشتێکە عاشق ئەنجامی دەدات بۆ گەیشتن بە مەعشووق لە نێو ژیانی هەتاهەتایدا.

صافی لەبەر ئەوەی خاوەن بونیادیکی هزریی عیرفانییە، بۆیە مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق گەشتە**" لەلای شاعیر بە واتا و مەبەستە عیرفانییەکەی چەمکی "**گەشت**" بەکارهاتووە، واتە لە چوارچێوەی گەشتە ڕووحییەکەدایە، لە تێڕوانینی شاعیردا ئەو خۆشەویستییەی کە ئەو تێیکەوتووە بریتییە لە دروستبوونی مەودا و بۆشایی نێوان ئەو

مەعشووق، شاعیر لە ئێستادا لە دووریی مەعشووقەکەی دەژیت و بۆیە لەلای ئەو خۆشەیستی یەکسانە بە کۆتاییپێهێنانی ئەو مەودا و دوورییەی کە لە نێوان ئەو و مەعشوق دایە، بۆ کۆتاییپێهێنانی ئەو مەودایەش شاعیر ناچاردەبێت دەست بە جولە بکات و گەشت بەرەوڕووی مەعشووقەکەی بکات، چونکە دووری بە گەیشتن کۆتاییدێت گەیشتنیش بریتییە لە بڕینی ڕێگایەکە و بڕینی ڕێگایەکەش یەکسانە بەگەشت، شاعیر لەم دێرە شیعرانەی سەرەوە باس لەوە دەکات کە بەرگەی دووری مەعشووقەکەی ناگرێت، چونکە ئازاری ئەم دوورییە وەک ئازاری خەنجەر وایە کە لە سینە بدرێت، ڕێگای گەیشتنیش زۆر سەختە و دژوارە بۆیە شاعیر لەم نێوەندەدا مەواتەوە نازانێت چ بکات و شەکوا لەلای کێ بکات، کە دەزانێت هیچ کەس ناتوانێت فریادرەسی بێت، بۆیە بە ناچاری مل دەنێتە ئەو ڕێگا سەخت و دژوارە بۆ ئەوەی لەم ئازار و ناخۆشییە نەجاتیبێت.

لە مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق گەشتە**"دا نەخشەکێشان لە نێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانج بەم شێوەیەی خوارەوەیە:




هێلکاری ژمارە (٤) نەخشەکێشان لە نێوان بواری ئامانج و بواری سەرچاوەدا، لە مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق گەشتە**"

## ٢-٢- مێتافۆڕی چەمکی "عەشق ڕێگایە"

ئەم مێتافۆڕە چەمکییە لە چوارچێوەی مێتافۆڕە چەمکییەکانی "عەشق" یەکێکە لە مێتافۆڕە هەرە باو زۆر بەکارهاتووەکانی نێو شیعرەکانی صافی، شاعیر (٢٤) جار ئەم مێتافۆڕە چەمکییەی بەکارهێناوە، لە کۆی مێتافۆڕە چەمکییەکانی عەشق لای شاعیر لە پلەی پێنجەم[٦] دایە. لێرەدا چەند دێرە شیعرێک لە شیعرەکانی صافی دەخەینەڕوو کە نموونەی ئەم مێتافۆڕە چەمکییەن.

بێ یارو دلیل پا مەنێ ڕێی عەشقی جەوانان

چەند سەر لەسەر ئەم رێگە لە سێدارە درایە

(صافی: ٢٢١)

وادەیێ عیشقت ئەوەند دوورە بە ڕۆژ طەی ناکرێ

پەیکی دڵ بۆیێ سکوون نابی بە تاو شەوڕۆ دەکا

(صافی: ١٥٣)

ئەم دێرە شیعرانە گوزارشتن لە مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق ڕێگایە**"، لێرەدا چەمکی "**ڕێگا**" بریتییە لە بواری سەرچاوە و چەمکی "**عەشق**" بریتییە لە بواری ئامانج، وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| مێتافۆڕی چەمکی | بواری سەرچاوە | بواری ئامانج |
|---|---|---|
| عەشق ڕێگا | ڕێگا | عەشق |

خشتەی ژمارە (٢) بواری سەرچاوە و بواری ئامانجی مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق ڕێگایە**"

شاعیر ئەم مێتافۆڕە چەمکییەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لە ڕێگای چەمکی ڕێگا چەمکی عەشق بناسێنێت، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو ئەزموونەی کە مرۆڤ بۆ ڕێگا هەیەتی، دروستبوونی ئەم مێتافۆڕەش لە خۆوە و بە شێوەی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو لەسەر بنەما و لە ڕێگای ئەو پەیوەندی و هاوبەشی پێکهاتەییەی کە لە سیستەمی چەمکی ئاوەزی

مرۆڤ لە نێوان ڕێگا و عەشقدا هەیە، کە دواتر لە نەخشەکێشانێکدا ئەم پەیوەندی و هاوبەشی پێکهاتەییە دەخەینەڕوو.


چەمکی "**ڕێگا**" لە تێڕوانینی گشتی خەڵکیدا، ئاماژەیە بۆ ڕێگایەک کە لە نێوان دوو خاڵدا واتە دوو شوێن دروستدەکرێت یان بە شێوەیەکی سروشتی دروستبووە، کە بەکاردێت بۆ گەشتکردن و تێپەڕبوون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر(محمد، ٢٠١٨)، ڕێگا چەمکێکی ئەزموون کراو و ئاشنایە بە شێوەیەک کە هیچ کەس نییە نەزانێت ڕێگا چییە یان بەڕێگادا نەڕۆشتبێت، بۆیە مرۆڤەکان ئەم چەمکە ئاشنایە زۆر جار بۆ ناساندنی چەمکانێکی تری نائاشنا بەکاردەهێنن، وەک مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق ڕێگایە**"، کاتێک کەسێک لە دونیای ئاساییدا ئەم مێتافۆڕە چەمکییە بەکاردەهێنێت، هەمان ئەم واتایە دەدات کە چەمکی ڕێگا لە تێڕوانینی باوی خەڵکیدا هەیەتی، واتە عەشق ڕێگایە بەرەو گەیشتن بە مەعشووق و عاشق بۆ ئەوەی ئەم ڕێگایە ببڕێت پێویستی بە خۆئامادەکردن هەیە هەم جەستەیی هەمیش حاسڵکردنی ئامرازێک کە توانای بڕینی مەودای ڕێگاکەی هەبێت، چونکە چۆن ڕێبوار لە ڕێگادا گرفتی دێتە پێش یان ماندی و بێزار دەبێت بەهۆی بەرز و نزمی ڕێگا و بەربەستەکانی سەر ڕێگا یان پەککەوتنی ئەو ئامرازەی کە ڕێگاکەی پێدەبڕێت  یان چۆن شەو و تاریکی بەسەردادێت یان چۆن زۆر جار دەکەوێتە چۆلەوانی و تەنگەبەری ڕێگا، بە هەمان شێوە عاشقیش لە ڕێگای عەشقدا دوچاری چەندین گرفت و کۆست و تەنگەبەری دەبێتەوە، کە دەبنە ڕێگر و ئاستەنگی و ئەستەمی لەبەردەم گەیشتن بە مەعشوق، هەروەها زۆر جار ڕێگاکە هەڵەیە و لەبری سوودگایاندن بە عاشق، عاشق دوچاری زەرەر دەکات ئەمەش لەبەر ئەوەی مەعشووق دونیاییە و زۆر جار ئارەزووەکانی بە ویستی ڕۆتینیاتی دونیایین.

کۆی پرۆسەی عیرفان وەک ڕێگا(طریقت - سلوک)یێک تەماشا دەکرێت و عارف ڕێبوار(سالک)ی ئەم ڕێگایەیە بەرەو ئەو ئاڕاستە عیرفانییەی کە حال و مەقامەکانی تێدادەبڕێت بۆ ئەوەی بگات بە مەعشووق، کۆی پرۆسەی عیرفانیش کە  هەنگاوەکان و قۆناغەکانی گەیشتنن بە مەعشووق هەموویان بە گەشت تەماشادەکرێت، ئامانجی هەرە باڵای عاریفیش بریتییە لە گەشتکردن بەم ڕێگایە و بڕینی قۆناغەکانی نێو ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە مەعشووق، بۆیە چەمکی "**ڕێگا**" لە عیرفاندا بریتییە "لەو ڕێگا ڕاست و پەسەندکراوەی کە بەرەو حەقە و دەتگەیەنێت بە حەقیقەت"(دانشگر، ١٣٩٣: ١٧٢)، کەواتە عارف دەبێتە ڕێبوار، عیرفان دەبێتە ڕێگا و کاری عارفیش بریتییە لە گەشتکردن بەو ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئامانج.

لە عیرفاندا ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی زۆر سەخت و مەترسیدارە هەموو کەس ناتوانێت مل بنێتە ئەم ڕێگایە، ئەوانەشی کە ملیان ناوەتە ڕێگاکە کەمیان دەتوانن بگەن بە خاڵی کۆتایی ڕێگاکە زۆریان لەم ڕێگایەدا لەناودەچن، لەبەر ئەمەشە عاریفان پێیانوایە کە ڕێگاکە پێویستی بە زانستێکی زۆر هەیە و زانستەکەش کامل نابێت تەنها لە ڕێگای مامۆستا و ڕێنوێنیکەرێک نەبێت (هەمان سەرچاوە: ١٧٢)، بۆیە کاتێک لە چوارچێوەی بونیادی هزری عیرفانیدا مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق ڕێگایە**" بەکاردێت مەبەست هەمان واتایی  چەمکی ڕێگایە لە چوارچێوەی واتا عیرفانییەکەی، بەوەی کە عەشق ڕێگایەکە  بەرە و گەیشتن بە مەعشووق و عاشق ڕێبواری ئەم ڕێگایەیە، هەروەها ڕێگای عەشق زۆر سەخت و دژوارە و پڕ لە بەرزی و نزمی و گرفت و تەنگەبەرییە، عاشق پێویستی بە ئامادەکارییەکی زۆری جەستەیی و ڕووحی هەیە، پێویستی بە زانست و زانیارییەکی زۆر  و هەبوونی مامۆستا و ڕینوێنیکەر هەیە، بۆئەوەی بتوانی بە خواستی مەعشووق هەنگاو بنێیت و بەسەر گرفت و بەربەستەکاندا زاڵبێت.

صافی وەک ئەوەی لە پێشووتر ئاماژەمان پێدا لەبەر ئەوەی کە خاوەن بونیادی هزریی عیرفانییە بە هەمان شێوەی ئەم مێتافۆرە چەمکییەشی بە هەمان واتا و مەبەستی چەمکی "**ڕێگا**" لە عیرفاندا بەکارهێناوە، شاعیر عەشق وەکو ڕێگایەکی دوور و درێژی نێوان دوو خاڵ تەماشادەکات، کەسی بکەر لەم پڕۆسەیەدا دەبێت لە خاڵی یەکەمەوە بگاتە خاڵی دووەم کە خاڵی دووەم خاڵی ئامانجی باڵای ئەوە، بۆیە بەبێ نەگەیشتن بە ئامانج کۆی پڕۆسەی ژیانی بێمانا دەبێت، چونکە مانا بەخشین بە ژیان یەکسانە بە گەیشتن بە خاڵی دووەم کە خاڵی گەیشتنە بە حەقیقەت، واتە گەشتکردن بەو ڕێگایە ناچارییە، ڕێبوار ناچار گەشت بەم ڕێگایەدا بکات و بەرگەی سەختی و دژواریی ڕێگاکە بگرێت بۆ ئەوەی مانا بە ژیانی ببەخشێت، بۆئەوەی ئەم ڕێگایەش ببڕێت تەنیا ئیرادە بەس نییە، بەڵکو پێویستی بە زانست و ڕێنیشاندەر هەیە. وەک ئەوەی لەم دێرە شیعرانەدا دیارە، لە دێرە شیعری یەکەمدا دەڵێت: بێ مورشید و ڕێنیشاندەر بەتەنها خۆت بە ڕێگای عەشقی جەوانان (کەمەبەستی ڕێگای تەریقەت و عیرفانی)دا مەڕۆ، چونکە چەندین کەس لەم ڕێگا ڕۆیشتن بێ دەستگیر، لە کۆتایی تیاچوون و فەوتاون، چونکە ئەمە ڕێگایەکە پڕ لە نشێو و بەرز و نزمی و تاریکی و ڕووناکییە، بۆیە پێویستی بە یارێکی دەلیلە کە پێیدەڵێن "مورشید و دەستگیر و پیری تەریقەت" لە زاراوەی عیرفان، نموونەی چەدان عاریفی گەورەمان هەیە کە لە کۆتییدا بەهۆی وتە عیرفانییەکانیان و تێنەگەیشتنی هەندێ ناتێگەیشتوان لەسێدارەدراون بە وێنەی حەلاج و سوهرەوەردی. هەروەها لە دێرە شیعری دووەمدا دەڵێت: شاعیر بە هەمان شێوەی دێرە شیعری یەکەم باس لە دووری و سەختی ڕێگای عەشق دەکات بەوەی کە ئەوەندە دوور و بێ کۆتاییە بە ڕۆژ تەواو نابێت، بۆیە دڵی شاعیر سکون نابێ لە تاوا لە شەودا بە گریان و هاوار و فیغان بەسەرئەبا، مەبەستیەتی کە حاڵێکی تری خۆی دەرخا کە شەو نەخەوتووە بەهۆی عیباداتی یارەکەی کە زاتی حەق تەعالایە، لە پێناوە گیشتن پێی.

له مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق ڕێگایە**"دا نەخشەکێشان لە نێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانج بەم شێوەیەی خوارەوەیە:




هێڵکاری ژمارە (٥) نەخشەکێشان لە نێوان بواری ئامانج و بواری سەرچاوەدا، لە مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق ڕێگایە**"

## ئەنجامەکان:

لە نەخشەکێشانی نێوان بوارەکان واتە بواری ئامانج و بواری سەرچاوە، چەمکی عەشق کە چەمکی ئامانجە لە هەردوو میتافۆرە چەمکییەکەدا، نەخشەکیشانەکەی نەگۆڕە، واتە ئەگەرچی بواری سەرچاوە دوو چەمکی جیاوازن و لە نەخشەکێشاندا دوو پێکهاتە جیاوازیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، نەخشەکیشانی بواری ئامانج لە هەردوویکان یەک شتە واتە یەک پێکهاتەی هەیە.

پێکهاتەی هەردوو میتافۆرە چەمکییەکە بە شێوەی ئاڕاستەی یەکەمن، کە لە بەشە تیۆرییەکە خستمانەڕوو، واتە میتافۆڕی چەمکی "**عەشق گەشتە**" و "**عەشق ڕێگایە**" پێکهاتەکەیان بەم شێوەیە، بواری ئامانج کە عەشقە ئەبستراکتە واتە بوونێکی فیزیکی نییە، بواری سەرچاوە کە چەمکی "گەشت" و "ڕێگا"ن هەردووکیان بەرهەستن و بوونێکی فیزیکییان هەیە.

صافی ئەم میتافۆرە چەمکییانەی لە چوارچێوەی واتا عیرفانی و چەمکەکانی سەرچاوە بەکارهێناون، چونکە لە دونیای هۆشەکیی شاعیردا، کە لە چەمکی عەشق و گەشت و ڕێگا وردەبینەوە ئەم چەمکانە بە تەواوی وردەکارییەکانەوە هاوشێوەی یەکن و یەک تێگەشتنیان هەیە، ئەویش بەخشینی وێنەی گەشتێکە بە عەشق، عاشق دەبێت ببێتە ڕێبوار و دەبێت ڕێگایەکی سەخت ببڕێت بۆ ئەوەی بگات بە ئەنجامی باڵا.

لە چوارچێوەی میتافۆرە چەمکییەکانی "عەشق"دا، ئەم دوو میتافۆڕە چەمکییە لە هەرەباوەکان و زۆر بەکارهاتووەکانن، میتافۆڕی چەمکی "عەشق گەشتە" (٤٧) جار لە شیعرەکانی شاعیردا بەکارهاتووە، و میتافۆڕی چەمکی "عەشق ڕیگایە" (٢٤) جار لە شیعرەکانی شاعیردا بەکارهاتوون.

## پەراوێزەکان

[1]- تیۆری مێتافۆڕی چەمکی بەشێکە لە قوتابخانەی زمانەوانی زانینی، لە نێویشیدا قوتابخانەی واتاسازی زانینی، لە زمانەوانی زانینیدا چەمک(Concept)پێگە و گرنگییەکی تایبەتی هەیە و بە پێکهاتەیەکی سەرەکی توانای زمانی لە بیری مرۆڤدا دادەنرێت، تەنانەت ئاخێوەران فۆڕمەکان لە پێناو ئاماژەدان بە چەمکەکان بەکاردەهێنن، بە واتایەکیتر وشەکان و واتاکانیان و ئەرکەکانیان تەنیا نوێنەر و خستنەڕووی ئەو چەمکانەن کە لە ئاوەزی مرۆڤ بونیان هەیە(باپیر، ٢٠٢٠: ٧).

[2]- نەخشەکێشان بابەتێکی سەرەکی تیۆری مێتافۆڕی چەمکییە، دواتر لە تەوەرەیەک بە فراوانی باسی لێوە دەکەین و ڕوونی دەکەینەوە.

[3] – نەخشەکێشان لە بیرکاریدا بە لێکچوونی نێوان دوو کۆمەڵە دەوترێت کە هەر یەکەیەکیان تەنها یەک هاوشێوەی هەبێت. نەخشەکێشانی دوو کۆمەڵەی **A** و **B** بە **M: A→B** (بەم شێوەیە بیخوێننەوە: **M** لە **A**ەوە بۆ **B**) نیشان دەدەن. ئەگەر **a** ئەندامێکی کۆمەڵەی یەکەم و **b** هاوشێوەکەی لە کۆمەڵەکەی تردا بێت، پەیوەندی نێوانیان بەم جۆرە نیشان دەدەن: **M: a→b** یان **M(a) = b** (بەم شێوەیە بیخوێننەوە: **b** وێنەی **a**ە لە نەخشەکێشانی **M**دا ؛ یان وێنەی **a** لە نەخشەکێشانی **M**دا دەبێتە **b**) (بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زۆرتر دەربارەی «نەخشەکێشان لە بیرکاریدا» سەردانی (موختاری ئیسکی، ١٣٨٤: ٢٤٦-٢٤٨)بکە.

[4] – سەبارەت بە زاراوەی سکیمای وێنەی، کورش صفوی پێیەوایە ئەگەر چی جانسۆن لە کتێبەکەیدا بۆ یەکەم جار زاراوەی سکیمای وێنەی بەکارهێناوە، بەلام لە بەکارهێنای ئەم زاراوەیە سودی لە بۆچونەکانی (ئیمانوێل کانت) وەرگرتووە(صفوی، ١٣٩٦: ٩٨).

[5] – ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە نامەی ماستەر، ئاماری کۆی مێتافۆڕە چەمکییەکانی عەشق لەوێدا خراوەتەڕوو، ئامارەی ئەم مێتافۆڕە چەمکییە بە پشتبەستن بەو ئامار خراوەتەڕوو.

[6] - ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە نامەی ماستەر، ئاماری کۆی مێتافۆڕە چەمکییەکانی عەشق لەوێدا خراوەتەڕوو، ئامارەی ئەم مێتافۆڕە چەمکییە بە پشتبەستن بەو ئامار خراوەتەڕوو.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: بە زمانی کوردی

#### ا/ نامەی ئەکادیمی


- ئەمین، سیروان جەبار (٢٠١١)، مەعریفە و حەقیقەت لە نێوان فەلسەفە و عیرفان لە شیعرەکانی ((مەحوی)دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر.

- باپیر، دلاوەر شوکری (٢٠٢٠)، شیکردنەوەی تۆری واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی واتاسازی زانینییەوە، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.


#### ب/ ماڵپەری ئەلکترۆنی


- عومەر، سازگار (٢٠٢٢)، ماڵپەری زانیاری، گەشت(zaniary.com)


### دووەم: بەزمانی فارسی

#### ا/ کتێب


- داوری اردکانی، ڕضا و همکاران (١٣٩٣)، زبان استعاری و استعاره های مفهومی، چاپ دوم، انتشارات سروش، تهران.

- صفوی، کورش(١٣٩٦)، استعاره، چاپ اول، نشر علمی، تهران.

- یانگ، جفری و کلوسکو، ژانت (١٣٩٧)، زندگی خود ڕا دوباره بیافرینید، مترجم حسن حمید پور و الناز پیرمردی، تهران، نشر ارجندی.

**ب/ گۆڤار**

- آریان، حسین (١٣٨٨)، ((سفر)) از منظر قرآن، عرفان و ادبیات عرفانی، فصلنامه ادبیات فارسی، ساڵ (٥)، شماره (١٣).

- حسن زاده، محمد حسن و حمیدفر، علی اصغر (١٣٩٩)، استعاره ادبی و استعاره مفهومی، پژوهشنامه نقد ادبی و بڵاغت، ساڵ (٩)، شمارۀ (٣).

- معروف، یحیی و نژاد، مریم جلالی (١٣٩٩)، بررسی طرح وارەهای تصویری در مطریات عدنان الصائغ با تأکید برنظریه مارک جانسون، پژوهش های بین ڕشەای ادبی، علوم انسانی و مطالعات فرهنگی دو فصل نامه علمی، ساڵ (٢)، شماره (٤).

- هاشمی، زهره (١٣٨٩)، نظرية استعارة مفهومي از دیدگاه لیکاف و جانسون، شمارة (١٢).

- ویسی، الخاص و دریس، فاطمه (١٣٩٤)، کاربرد طرحوارههای تصویری در ڕباعیات وحشی بافقی از دیدگاه معناشناسی، فصلنامه زیباییشناسي ادبي، ساڵ (١٢)،، شماره (٢٣).\

**پ/ فرهنگ**

- دانشگر، آذر (١٣٩٣)، فرهنگ اسرار و اشارات عرفانی در کشف الاسرار، زورا، تهران.

- سجادی، سید جعفر (١٣٩٣)، فرهنگ اصطلاحات و تعبيرات عيرفانى، چاپ دهم، انتشارات طهورى، تهران.
- مختاري اسكي، غلامرضا ( ١٣٨٤ )، فرهنگ ڕیاضیات پایه، تهران: فرهنگان.

**سێیەم: بەزمانی عەربی**

**ا/ کتێب**

- نادری، إسماعیل وزملاوه (٢٠٢٠)، دراسة الاستعارة المفهومية ومخططات الصورة فی مجموعة "تأبط منفی" الشيعرية (وفقا لآراء لاكوف وجونسون)، فصلية إضاءات نقدية، السنة (١٠)، العدد (٤).

**ب/ ماڵپەری ئەلکترۆنی**

- محمد، ڕبیع (٢٠١٨)، مفهوم الطريقة لغة واصطلاحا ونشأة الطرق الصوفية وتطورها، https://3c5.com/kbW7w

**چوارەم: بەزمانی ئینگلیزی**

- Cruse, Alan (2006). A Glossary of Semantics and Pragmatics, Edinburgh: Edinburgh University Press.
- Dirven ,Rene. and Verspoor, Marjolijn.(2004), Cognitive Exploration of Language and Linguistics, 2nd edition , John Benjamin Publishing Company. Amsterdam/Philadelphia.
- Kamppinen, Matti (1993), Consciousness Cognitive Schemata and Relativism, Department of cultural studies, university Turku, Finland.

- Kövecses, Zoltan (2010), Metaphor: A Practical Introduction, Oxford: Oxford University Press.

- Lakoff, George and Johnson, Mark (1980), Metaphors We live By. Chicago: The University of Chicago press.

- Lakoff, George and Johnson, Mark (2003), Metaphors We live By. Chicago and london: The University of Chicago press.

## The Conceptual Metaphor of Love as Journey and Path in Safi's Poetry


### Abstract

The concept of 'Love' is a widely employed concept in Safi's Poetry collection. As a mystic poet owning a mystic cognitive intellect, Safi has attempted to define love from a mystic intellectual perspective. However, since the concept of love is an abstract concept with no physical manifestations, so the poet has not been able to introduce love only within the framework of its concept, but rather, he has tried to introduce it through other physical, concrete and well-known concepts known as Conceptual Metaphor. In fact, the concepts of "Journey" and "Path" are two concepts utilized by the poet as source domains to introduce target concept. Thus, the current study adopts "Conceptual Metaphor Theory", a novel theory which has been proposed by George Lakoff and Martin Johnson in (1980). This theory approaches metaphor from a new perspective in which the core of conceptual metaphor is the identification of the target concept through the source concept. It attempts to focus on both metaphors 'Love is a journey' and 'love is a path' in Safi's poetry with sufficient examples taken from his poetry collection. Further, it aims at drawing mapping between the target domain and source domain, so that an appropriate understanding about Safi's poetry will be achieved.



**Keyword:** Conceptual Metaphor, Love, Journey, Path, Safi's Poetry, Mapping.

**مفهوم الحب كرحلة وطريق في قصائد صافي**

**ملخص:**

"العشق" مفهوم شائع وكثير الاستخدام في ديوان صافي، والشاعر الذي يمتلك بنية فكرية عرفانية، يحاول كصوفي أن يقدم لنا هذا المفهوم في إطار بنية فكرية عرفانية، ولكن لأن هذا المفهوم مجرد وليس له وجود مادي، لم يستطع الشاعر أن يقدم العشق من خلال مفهوم العشق نفسه، فحاول الشاعر تقديمه من خلال مفاهيم مدركة أخرى، أي: من خلال الاستعارة المفاهيمية قام بتقديم وتعريف هذا المفهوم. إنّ كلاً من مفهومي "الرحلة" و "الطريق" يعدّان من المفاهيم التي استخدمها الشاعر كحقل المصدر لتقديم مفهوم العشق، استنادًا إلى نظرية الاستعارة المفاهيمية، وهي نظرية جديدة وضعت في عام ١٩٨٠ من قبل جورج لاكوف ومارتن جونسون، اقترحت هذه الدراسة وجهة نظر جديدة للاستعارة مفادها أن جوهر الاستعارة المفاهيمية هو تقديم وتعريف مفهوم الهدف من خلال مفهوم المصدر. يحاول هذا البحث العمل على كلا الاستعارتين المفاهيميتين "العشق رحلة" و "العشق طريق" في قصائد صافي وتقديمها من حلال أمثلة شعرية، ورسم خريطة بين كل من مجالي الهدف والمصدر ومن خلاله يظهر ويقدم المزيد من الفهم لأشعار صافي.

الكلمات المفتاحية: الاستعارة المفاهيمية، العشق، الرحلة، الطريق، أشعار صافي، الرسم